## ئاشنا رەئوف:

# پێویستە بۆ مانگی رەمەزان بابەتی شیاوی کۆمەڵایەتی و ئایینی و مێژوویی پێشکەش بکرێ

زۆرن ئەو ئافرەتانەی کە لە بواری هونەریی نواندندا جا شانۆ یان دراما یان سینەما بێت کە بوون و توانای خۆیان سەلماندووە لە بینینی ئەو رۆڵانەی کە پێیان دەسپێردرێ و توانیویانە نموونەی ئەکتەری سەرکەوتوو و خاوەن ئەزموون نیشان بدەن، ئاشنا رەئوفیش یەکێکە لە نموونەکانی ئەو ئافرەتانە، لە دەرفەتێکدا دەربارەی دوایین کاری خۆی و ئەو زنجیرە درامایانەی کە ئێستا پێشکەش دەکرێن و ئایا لە ئاستی پێویستن و چی بکرێت بۆ زیاتر پەرەپێدانیان و پێشخستنی شانۆی کوردی و هۆکارەکانی گەیشتنی بەو ئاستەی ئێستا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.





**• سـالانە لـە مانگی رەمەزانی پیـرۆزدا کەناڵە ئاسـمانییە عەرەبییـەکان گرنگییەکی زۆر بە زنجیـرە دراماکان دەدەن هەر لـە بەرهەمهێنان و دەرهێنان و بازرگانی کردن و بە دەیان زنجیرە درامای جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێن، بۆ کۆمەڵگای کوردەواری ئەم جۆرە زنجیرانە تا چەند پێویستن؟**

- بێگومـان جەمـاوەر لـە مانگی رەمـەزان چاوەڕێـی کارە هونەرییەکانی مانگی رەمەزان دەکەن جا کاری هەمەڕەنگ بێت یـان زنجیرە درامای کۆمەڵایەتی یـان مێژوویی یان بەرنامەی هونـەری تەرفیهی و کات بەسـەر بردن یـان بەرنامە ودرامای ئایینی بێت، خەڵك وا راهاتووە سـالانە ئەم جۆرە کارانە ببینێت، ئەمەش خۆئامادە کردنێکـی زۆری دەوێت، هەر بۆیەش دەبینین وڵاتە عەرەبییـەکان سـالانە گرنگییەکی زۆری پێـدەدەن کە هەندێکیان باس لە مانگـی رەمەزان دەکەن و دابونەریتی خۆیان پیشان دەدەن، لای ئێمەش زۆر جار ئەم هەنگاوانە هەیە لە مانگی رەمەزان، بەڵام هیچ هەنگاوێکی پاڵپشـتی و دەستپێشخەرییەك نییە، هەندێـك درامای کوردی هەیە لە مانگی رەمەزان نمایش دەکرێت دەبینین زۆر دیمەنی نامۆی تێدایە کە بۆ مانگی رەمەزان نەشیاوە وەك هەندێك دانیشتن و خواردنەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کارە بۆ مانگی رەمەزان ئامادە نەکراوە بەڵکو پێشتر کراوە و لـەو مانگەدا نمایش دەکرێ و کاتی پێ پڕ دەکەنەوە و ئامادە نەکراوە بۆ ئەم مانگە.

**• بۆ ئێمەی کورد چ جۆرە بەرهەمێك پێویستە گرنگی پێ بدرێت و ئەو هەوڵانەی کە کورد داویانە تا چەند سەرکەوتوو بوون ؟**

- بەڕای من پێویسـتە گرنگی بە بابەتە کۆمەڵایەتییە باوەکان بدرێت، چونکە لەم مانگەدا سـەرجەم چین و توێژەکان سـەیری زنجیرە دراماکان دەکەن، بابەتێك بێت کە هەموو کەسـێك بتوانێت لێی تێبگات و چێژی لێ وەربگرین و بۆ ئەم مانگە شـیاو بێت وەك پێشـتر وتم ئەو بابەتانەی تایبـەت نین بە مانگی رەمەزان بەڵکو سیناریۆیەك پێشکەش دەکرێت و کۆمپانیایەك سپۆنسەری دەکات و پێشـکەش دەکرێن بێ ئـەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە بۆ ئەم مانگە دروسـتکراوە و ئایا لەو کاتەدا پێشکەش دەکرێت یان لە کاتێکی دیکەی ئاسـاییدا یان ئەگەر لە رەمەزاندا پێشکەش دەکرێت تا چەند شـیاوە بۆ ئەو مانگە، واتە لەوەدا سـەرکەوتوو نەبوون کە بەرهەمێکی تایبەتیان نەبوو بۆ مانگی رەمەزان.

**• سـەبارەت بـە لایەنە مێژووییـەکان عەرەبـەکان هەندێك لە کەسـایەتیی خۆیان بەشێوەیەکی زۆر باش و وەك پاڵەوانێك نیشان دەدەن ئەگەرچـی رەنگـە واش نەبێت، لەم بـوارەدا کورد چۆن کەمتەرخەم بووە وبۆ کەمتەرخەم بووە؟**

- راستە میللەتان هەمیشە هەوڵ دەدەن کەسایەتییە مێژووییەکانی خۆیان زۆر بەباشـی نیشان بدەن ئەگەرچی واش نەبن و زۆریش لەو کەسـایەتیانە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئیسلام، بەڵام ئێمە بەداخـەوە زۆربەی کارەکانی ئێمە کە لە رەمەزاندا نمایش دەکرێت باس لە ماددەی هۆشـبەر و تاوان و کوشتن دەکات و بەشێوەیەك دەیخەنەروو کە رەنگە جوان نەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناتوانین کەسـایەتییەکانی خۆمان بە جوانی و وەکو خۆیان بدەین بگرە زۆر جار بە ناشیرینی نیشانیان دەدەین.

**• زۆر جـار رەخنە لە بەرنامە تەرفیهییەکانی رەمەزان دەگیرێت، تـۆ وەك هونەرمەندێك پێتوایـە کەموکوڕییەکانی ئەو بەرنامانە چین و چۆن بکرێ باشتر دەبێت؟**

- مـن پێموایە بەرنامەکان کەم تا زۆر ئاسـایین، چونکە رەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە وەك شارەزا لە کەناڵەکاندا هەن کە پێویسـتە هەبن کە وەك راوێژکارێك پـلان بۆ بەرنامەکان دابنێت، بە گشـتی بەرنامەکان خەڵك لێیانەوە نزیکـەوە ئەگەرچی خۆیان لە چەند شـتێکی نەگۆڕدا دەبیننەوە وەك پرسیار و وەڵام، بەڵام بە گشتی مەرج نییە ئەو بەرنامانە هەمیشە خەڵك بهێنێتە پێکەنین، دەکرێ بەرنامەی زانیاری بێت واتە وەك زنجیرە دراماکان مەبەستیان تەنیا پێکەنین و لایەنێکی کۆمیدی بێت.

**• ئەی ناکرێ لەو مانگەدا سـوود لە بزاڤی شانۆیی وەربگیرێت ؟**

- نەخێـر، چونکـە لەو مانگـەدا ئەگەر چالاکییەکی شـانۆییش هەبێت ئەوا زیاتر پرۆڤە کردنە، چونکە شـانۆ خۆی بینەرو جەماوەری لەکاتی ئاسـاییدا روو لە کەم بوونە، لەم مانگەشدا خەڵك زیاتر دەیەوێ بچێتە دەرەوە و لە پشـوو و کات بەسـەر بردن بە شتی دیکەی دوور لە شانۆ بەسەر بەرێت.

**• پێتوایـە بارودۆخی شـانۆی کوردی هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە یان باشتر دەبێت یاخود بەرەو خراپتر هەنگاو دەنێت؟**

- شانۆش وەك هەموو بەشەکانی دیکەی هونەر پێویستی بە بودجەی تەرخانکراوی خۆی هەیـە، بەداخەوە هەسـت دەکرێ وەزارەتی رۆشـنبیری یەکێکە لە وەزارەتە زۆر داخـراوەکان بە جۆرێـك لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکـی کـەم دراوە بـە وەزارەتی رۆشـنبیری و کارو چالاکییەکانـی ئەو وەزارەتـە، بەجۆرێـك دەتوانـی بڵێی هەر کاری تێـدا ناکرێ، بۆنموونـە ماوەی دوو ساڵە شاری سلێمانی پایتەختی رۆشنبیرییە، بەڵام هیـچ چالاکییەکی رۆشـنبیری تێدا ئەنجام نـەدراوە، بەداخەوە ئەمە زوڵمێکی زۆر گەورەیە نەك تەنیا لە شـاری سلێمانی بەڵکو لە هەموو شـارەکانی کوردسـتان دەکرێ، زۆر جار هونەرمەندان کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی هەڵویست وەربگـرن، بەڵام خۆ ناکرێ هەمـوو کات کارەکان لـە دوای وەرگرتنی هەڵوێسـت و رووداني چەند حاڵەتێکی نەویسـتراوە ئەنجام بدرێن، چونکە هەموو کارەکان دەکـرێ بەبێ هەڵوێسـت وەرگرتن و مانگرتن ئەنجام بدرێن، بۆ هەولێریش بە هەمان شـێوە کە ئەم ساڵ پایتەختی گەشتیارییە و فیسـتیڤاڵێکی نێودەوڵەتی تێدا ئەنجامدرا کە لە ئاسـتی پێویست نەبوو، خۆ ئەگەر باس لە نەبوونی بودجەش بکرێت هەموومان دەزانین کە نەبوونی بودجە لە سـەرەتای ئەم ساڵە بووە کەچی سلێمانی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ەوە پایتەختی رۆشنبیرییە.

# موهەننەد لە ناو فڕۆکە چی بەسەرهات؟



ئەستێرەی سینەمایی و تەلەفزیۆنی تورکی کیڤانج تاتلیتوج کە ناسراوە بە موهەننەد، لە کاتی گەشت کردنی لە ئەستەنبولەوە بۆ لۆس ئەنجلۆس لە نێو فڕۆکەدا گرفتێکی گەورەی بۆ خۆی و هەندێك لە سەر نشینەکانی فڕۆکەکە دروست کرد لەوانەش یاریزانی ناوداری تۆپی سەبەتەی ئەمریکی کۆبی براینت و تووشی شەرمەزارییەکی زۆر بۆوە. موهەننەد کە بە یاوەریی باشاك دیزری هاوڕێیەکەی لەسەر هەمان فڕۆکە بوو لەگەڵ کۆبی براینت، کاتێك براینتی بینی دەیوست بچێتە لای و خۆی پێ بناسێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی زیاد لە پێویست کهولی خواردبۆوە نەیدەتوانی لە شوێنی خۆی هەڵسێتەوە، بۆیە داوای لە سیکیوریتی فڕۆکەکە کرد بیبەنە لای و دەستی کرد بە نانەوەی ئاژاوە بە جۆرێك بەشێکی زۆری سەرنشینانی فڕۆکەکە هەستیان پێکرد، کە کۆبی براینت هەستی بە بوونی گرفت کرد خۆی لەلای هاوسەر و منداڵەکەی هەستا و چووە لای موهەننەد و خۆی پێ ناساند، بەڵام کاردانەوەی موهەننەد زۆر ناشیرین بوو و لە ئاست ناوبانگی کۆبی براینت نەبوو، ئەمەش بووە مایە رەخنەی زۆری سەرنشینانی فڕۆکەکە بەتایبەتی بیانییەکان، براینتیش کاردانەوەکەی زۆر بە ئاسایی وەرگرت و بارودۆخەکەی لەبەر چاو گرت، باشاك کە ئەمەی بینی هەستی بە شەرمەزارییەکی زۆر کرد و داوای لێبووردنی لێکرد.

# بەرازیل ئەمیتابیشی تووشی سەرسوڕمان کرد

ئەمیتاب باتشـــان یەکێکە لەو ئەستێرە ســـینەماییانەی کە هەمیشە خولیا و حەزی بۆ تۆپی پێ هەیە و بەردەوام سەیری یارییەکانـــی دەکات، بەڵام لە مۆندیالی ئەم ســـاڵدا بڕیاریدا لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە ســـەیری نـــەکات، بەڵکو بە یاوەریی کوڕەکـــەی ســـەردانی بەرازیلیان کرد بۆ بینینـــی یارییەکان بەتایبەتی لە قۆناغەکانی کۆتایی مۆندیال، چونکە پێی وایە تاموچێژی زیاترە ئەگەر لە نێو یاریگا ئامادە بێت.


ئەمیتابی تەمەن ٧١ ســـاڵ کە لە شاری ساوپاولۆ ئامادەی یاریی نێوان هۆڵەندا و ئەرژەنتین بوو لە دوای یارییەکە لەسەر ئەکاونتی خۆی لە تویتەر نووسیبووی: ئێستا دەتوانم ئەوە بڵێم کە تەجروبەی دانیشـــتن لە نێو یاریگا وسەیر کردنی یارییەکان هەستێکە وەسف ناکرێ، بۆ کەسێك کە خولیای تۆپی پێ بێت هیچ شـــتێك وەك ئەوە خۆش نییە کە لە نێو یاریگادا ئامادەبی بۆ بینینی یاری.

ئەمیتاب سەرســـوڕمانی خـــۆی لە ئەنجامـــە خراپەکانی هەڵبـــژاردەی بەرازیل دەربڕی و نووســـیی: من هەســـت بە شـــەرمەزاری دەکەم کە دەبینم بەرازیل لەســـەر خاك و لە نێو جەماوەری خۆی ئاوای بەســـەر بـــێ، بەرازیل خاوەن چەندین یاریزانـــی باش و بە توانایـــە، بەڵام نازانن بە کۆمـــەڵ یاری بکـــەن، هەروەها بۆ هێنانەدیی ئـــەو یارییە بە کۆمەڵە پێویســـتیان بـــە ڕاهێنەرێکـــە ڕابەرایەتییـــان بکات نـــەك قەرەوێڵەیەك ڕابەرایەتییان بکات، ئەمەش ڕەخنەیەکی توند بوو ئەمیتاب ئاراستەی سکۆلاری کرد.



# ڕوومەتەکانی مەی گرفتی بۆ دروست دەکەن

کچە ئەکتەری کۆمیدی بەناوبانگی میســـری مەی کەســـان ڕایگەیاند کە یەکێك لەو تایبەتمەندی و سیفاتانەی خوای گەورە پێی بەخشـــیوە بریتییە لە ڕازی بـــوون و قەناعەت، ئەمەش وای لێکردووە لەگەڵ خۆی و خەڵکی ڕاستگۆ بێت و خەڵك زیاتر ڕێزی لـــێ بگرن و هۆکارێکیش بوو بۆ ئـــەوەی کە لە خەڵکی نزیکتر بکاتەوە و بە یەکێك لە ئەکتەرە خۆشەویســـت و ڕۆح ســـووکەکان بناسرێت لەلای جەماوەر. مەی سەبارەت بە خۆشەویستیی جەماوەر دەڵێ: من جەماوەرەکەی خۆم زۆر خۆشدەوێ هەر ئەوانیش وایان کرد من لەگەڵ خۆم ڕاستگۆ بم، ئەو ڕاستگۆییە وایکرد من چۆن بم وا خۆم نیشـــان بدەم، بۆیە بە هەموو شێوەیەك لە ئەنجامدانی نەشـــتەرگەریی جوانکاری دوورکەوتمەوە ئەگەرچی هەندێك جار هەست دەکەم پێویستم پێی هەیە ئەویش بۆ جوانکردن نییە، بەڵام بۆ چارەســـەر کردنی هەندێك گرفتـــە، چونکە جوانیی ڕۆح لە پێشترە لە جوانیی ڕووخســـار، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی حەز دەکات نەشـــتەرگەری بۆ کوێ بـــکات مەی وتی: هەندێك جار هەســـت دەکەم ڕوومەتم گرفتم بۆ دروســـت دەکات، بۆیە بیر لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی بچووك دەکەمەوە، بەڵام تا ئێستا بڕیارم نەداوە. دەربارەی کەسایەتیی خۆیشی مەی دەڵێ: من هەمیشـــە بە مرۆڤێکی سادە و ساکار ناســـراوم، بە درێژایی ژیانی خۆم هیچ خاڵێکی ڕەشم نەبینیوە کە ببێتە مایەی شـــەرمەزاری بۆ خۆم و خانەوادەکەم، تەنیا یەك ڕەخنەم لە خـــۆم هەیە ئەویش ئەوەیە زۆر جـــار پەلە دەکەم لە بڕیاردان واتە بە خێرایی بڕیـــار دەدەم ئەمـــەش ناکرێ بـــە خاڵێکی ڕەش دابنرێـــت لـــە ژیانم.



## هیوا سوعاد:

# دراماكانی ڕەمەزان بۆ هونەرمەند و بینەری كورد پێویستن

بەرێوەبەری هونەری شانۆ لە وەزارەتی رۆشنبیریی حكومەتی كوردستان لە لێدوانێكیدا بۆ گوڵان پێشكەش كردنی زنجیرە دراماكانی رەمەزان بە كارێكی پێویست دەزانێت، لەم بارەیەوە هیوا سوعاد دەڵێ: ئەوەی كەناڵە عەرەبییەكان ساڵانە لە مانگی رەمەزان پێشكەشی دەكەن لە زنجیرە دراما و بەرنامەی تایبەت بەم مانگە كارێكی زۆر پێویستە بۆ ئێمەش بە هەمان شێوە پێویستە لە چەند روویەكەوە لەوانە دوور خستنەوەی بینەر لە دابونەریت و بابەتی نەشیاوی دوور لە ئاكاری میللەت و كۆمەڵگای ئێمە، لەلایەكی دیكەوە زۆر گرنگە بۆ ناساندنی چەند بابەتێكی مێژوویی گەلەكەمان بە نەوەی نوێ و ئاشنا كردنیان و پارێزگاری كردن لە دابونەریت و پتەوكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، سوودی سێیەمیش ئەوەیە كە هونەرمەندانی كورد سوودمەند دەبن و دەكرێ ببێتە هۆكارێك بۆ دروستكردنی بازاڕێك بۆ كاری هونەری، كەواتە بوونی ئەم درامایانە بۆ هونەرمەند و بینەری كورد گرنگ و پێویستە.



## ناجی سەلیم:

# گۆرانی وتن خەونی منداڵیم بوو



سەبارەت بەو بابەتانەی کە پێویستە لەو مانگەدا پێشکەش بکرێن، بەڕێوەبەری هونەری شانۆ دەڵێ: بە حوکمی ئەوەی دراما لە ڕێگای شاشەکانی تیڤییەوە دەچێتە هەموو ماڵێك، من پێموایە پێویستە ئەو بابەتانە پێشکەش بکرێن کە گوزارشت لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و خەم و پێداویستییەکانی خەڵك بکات و هەوڵ بدات هونەرێکی راستەقینە و پاراو پێشکەش بە بینەرانی بکات، بۆ ئەوەی خەڵکیش شانازی بە هونەر و هونەرمەندانی کوردەوە بکات لە هەموویشی گرنگتر پێویستە کارێك بێت کە کاریگەرییەکی باشی هەبێت لەسەر هەستی خەڵك و دوور نەبێت لە ئادابی گشتی و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای ئێمە رەچاو بکات لە هەموو روویەکەوە.

لە کۆتایی لێدوانەکەشیدا هیوا سوعاد جەختی لەسەر رەچاو کردنی لایەنی کۆمیدی لە کارە هونەرییەکان کردەوە و بە پێویستی دەزانێت کە گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی بدرێت، بەشێوەیەکی کۆمیدیا ئامێز، بەڵام کۆمیدیایەکی راستەقینەی دوور لە تەهریج و بریندار کردن.

**ناجی سەلیمی سەرەتا وەك سینەماکارێك هاتە نێو بواری هونەری و لەبەر خۆماندووکردنی هەر زوو بە فیلمە کورتەکانی توانی بوونی خۆی وەك سینەماکارێك بسەلمێنێت، لەبەر ئەوەی فیلمەکانی هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگا بوون و راستگۆیانە ئەو خەمەی لە ناخی هەر تاکێك هەبوو نیشان بدات، وەك خۆی بگوازێتەوە.**

**ناجی دەربارەی سینەما دەڵێ: سینەما یەکێکە لە هونەرە جوان و سەرنجڕاکێشەکان لە جیهاندا و گرنگی و کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە،خۆشەویستیم بۆ سینەما و کاری سینەما هەبوو و هەمیشە هەوڵمداوە تەنیا وەك چاودێرێك لە دوورە لە سینەما نەڕوانم، بەڵکو هەر حەزم کردووە منیش بەشداریم هەبێت لە سینەمای کوردی، ئەوە بوو بە چەند فیلمێك هاتە بوارەکە و سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بووم، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن کوردیشەوە هەنگاوی باشی ناوە.**

**پەیامی من لە ڕێگای سینەمادا ئەوەیە کە ژیان و خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لەگەڵ لایەنە باشەکانی ئەم کۆمەڵگایە نیشان بدەم بە شێوەیەکی گشتی و لەنێو ئەمانەشدا بەشێوەیەکی تایبەت واقعی ژیانی ئافرەتانی کورد نیشان بدەم.**

**سەبارەت بە بواری گۆرانیش دەڵێ: زۆر لە هاوڕێیانم هانیاندام بۆ ئەوەی لە بواری گۆرانی وتنیش خۆم تاقی بکەمەوە، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە خۆشەویستی من گۆرانی وایکرد، ڕوو لە سینەما بکەم، لە بواری سینەما زۆرم کار کرد، بەم دواییەش دەرفەتی ئەوەم بۆ هاتۆتە پێش کە گۆرانی بڵێم کە خەونێکە منداڵیمە و زۆریش خۆشحاڵم کە سینەماکار و گۆرانیبێژ بم لە یەك کاتدا و لەو بڕوایەدا نیم کە هیچ یەکێك لەم دوو بوارە کاریگەریان بەسەر ئەویتردا هەبێت، هیوادارم لە گۆرانی وتنیشدا بتوانم خزمەتێك بە هونەری کوردی بکەم.**

**ئەو بەرهەمانەی ئاوازیان کۆن بوو و تازەکراونەتەوە بەڵام دوو تراکەکەی تری بەناوەکانی ساقیاو خەزان کەلەهۆنراوەو ئاوازی موحسین حوسێن پوورن ئاوازی نوێن، کاری تۆمارکردنی هەموو بەرهەمەکان لەستۆدیۆی هاوار کاریان بۆکراوە و ئەرکی دابەشکردنی کارەکانیش لەسەرشانی هونەرمەندان رەزا میلان و فەرهاد حوسێن پوور بووە.**



نەتالیای هونەرمەند:

# گۆرانی وتنیش شۆڕشە بەدەنگ و هونەر

**هـــۆزان ناتالیا یەكێكە لەو هونەرمەندانەی كە لە دایك و باوكییەوە فێرە گۆرانـــی بووە، چونكە بەردەوام گوێی لە دایكی دەگـــرت لە كاتی گۆرانی وتـــن و دواتریش گۆرانییەكانـــی دووبارە دەكردەوە و بە بەشـــێك لە خەبات و كەم كردنـــەوەی ئازارەكانی داگیركاری و دوورە وڵاتی دادەنێت، چونكە خۆی چەندین ســـاڵە لە غەریبی و لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات.**

**ناتالیا لەمبارەیەوە لە لێدوانێكدا بۆ گۆڤاری گوڵان دەربارەی گرنگی هونەر و گۆرانی بـــۆ میللەتی كورد وتی:** ئەوەی ئێمە گوێبیســـتین و بە درێژایی مێژوو بینیومانە هەمیشە میللەتـــی كورد لەلایـــەن دوژمنانی دووچاری كوشـــتن و ئاوارەیـــی و دەربەدەری بووەتەوە و خاك و وڵات و كەلتوور و زمانی بەر هێرشی داگیركەران كەوتووە و هەوڵی بنبڕكردنیان داوە، جگە لە گیانفیدایی و شۆڕشـــی چەكداری میللەتی كورد بەردەوام پەنای بۆ هونەر بردووە بۆ پاراســـتنی كەلتوور و زمان و فەرهەنگی خۆی و توانیویەتی زمان و كەلتووری خـــۆی بپارێزێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە گۆرانی وتن و هونەریش شۆڕشـــە، بەڵام شۆڕشـــە بە دەنگ و هونەر، ئەم كارە بۆ هونەرمەندانی وەكو ئێمە بە حوكمی ئەوەی لە دوورە وڵاتی دەژین تا رادەیەكی زۆر زەحمەت بوو، بەڵام لە هەمان زیاتر هانی دەداین كە بەردەوام بین لەسەر ئەو خەباتە.

ناتالیـــا پێیوایە ژیانی ئاســـایی بۆ ئافرەتی كورد ســـەختە و كاتێكیـــش روو لـــە كاری هونەر و گۆرانـــی وتن بكات ئاســـتەنگ و گرفتەكانـــی زیاتر و چەند بـــارە دەبنەوە لەم بارەیەوە دەڵێ: بۆ ئافرەتی كورد بە گشـــتی ژیان سەختە و بەردەوام رووبەڕووی ئاســـتەنگ و گرفـــت دەبێتەوە، ئەگەر ئافرەت بێت ئەوا ئاستەنگەكانی زۆرتر و سەختتر دەبن، منیش ئەگەرچـــی لە خانەوادەكەم زۆر هاوكارییان كردم بۆ بەردەوام بوون لە كاری هونەری، بەڵام دیسان ئاسان نەبوو، كاتێك رووم لە دەرەوەی وڵاتیش كرد ژیان ئاســـان نەبوو و پێویستی بەوە بوو بژێوی ژیان پەیدا بكەم، لە هەمان كاتدا خۆشەویســـتیم بۆ هونەر وای لێكردم كە دەست لە كاری هونەری بەرنەدەم، چونكە دەمزانی لە ئەوروپا دەرفەتی زیاترم بۆ دەڕەخســـێت كە بتوانم بەشـــێوەیەك پرۆفیشـــناڵ درێژە بە كاری هونەری بدەم، سوپاس بۆ خوا ئەو دەرەفەتم بۆ هاتە پێش و بووە هۆی ئەوەی ئاشـــنایەتیم لەگەڵ چەنـــد هونەرمەندێكی كورد لە ئەوروپا زیاتر بێت و تا ئێســـتاش بەردەوام لە كاری هونەری، بـــەڵام پەیدا كردنی بژێوی ژیان بۆ هونەرمەندێكی ئافرەتی كورد لە ئەوروپا كارێكی ئاسان نییە.

**• وەك ئافرەتێـــك چ زانیارییەكت دەربـــارەی هونەرمەندانی كورد هەیە لە كوردستانی ئازاد؟**

- بەداخەوە تا ئێســـتا ئەو دەرەفەتـــەم بۆ نەهاتووەتە پێش كە ســـەردانی كوردســـتان بكەم و لە نزیكەوە ئاگاداری ژیان و گوزەرانی كـــوردان بم، بۆیە ناتوانم بڵێم هونەری ئافرەتان لە كوردستان چ ئاستێكدایە ئەگەرچی ئەو ساڵانەی لە ئەوروپا ژیـــاوم تا رادەیەك ئاشـــنایەتیم لەگـــەڵ هەندێكیان پەیدا كردووە كە هونەرمەنـــدی زۆر بە توانا و بەهرەن، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی كە پێمگەیشـــتوون كوردستان لە زۆر رووەوە پێشـــكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی لە رووی ئابووری و ئاوەدانكردنەوە، ئێســـتا كـــورد حوكمڕانی وڵاتی خۆی دەكات و وڵات ئازادە، هەروەها هونەریش پێشكەوتووە، بـــەڵام لە دڵەوە هیـــوادارم ئەم دەرفەتەم بۆ بڕەخســـێ و لە نزیكەوە ئاشـــنای وڵاتی خۆم بم و پێشكەوتنەكانی بەچاوی خۆم ببینم.



**• ئەی هونەرمەندە کۆنەکان؟**

- بێگومان هونەرمەندە نەمرەکان پیاو و ئافرەتان کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەبووە، چونکە لە ڕێگای رادیۆی یەریڤانەوە گوێمان لە گۆرانییەکانیان دەبوو و بەردەوام دەمانگوتەوە و هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی کاری هونەری ئەنجام بدەین.

**• ئاواتەکانت چین؟**

- هیوادارم بتوانم درێژە بە کاری هونەری بدەم و لە ڕێگای هونەرەوە خزمەت بە کورد بە گشتی و ئافرەتی کوردی بەتایبەتی بکەم و کێشەی ئافرەتی کورد بە جیهان بناسێنم و بیسەلمێنم کە ئێمەی ئافرەتی کورد هیچمان لە ئافرەتانی دیکە کەمتر نییە ئەگەر بوار و دەرفەتمان هەبێت، هەروەها بتوانم لە نزیکەوە سەردانی کوردستان بکەم و دەستکەوتەکانی میللەتی کورد بەچاوی خۆم ببینم.